# بەلقیس

خاڵەبەکر

بەلقیس،
بەیبونێ بووی،تا،بەربەیان..!!
لەگەڵ وەنەوزو،بەرەو کز بوونی چاوی ئەستێران..
لەلام دەبووی بەمیوان و،یەکمان ئەدوان....!
وشەکانمان..،
وەک دوو پەپولەی حەسرەت کێش،لێویان گیر دەکرد لەلێوان...!!
گۆڕینەوەی ڕازونیاز،
بۆ چێکردنی لانەو،عەرشی جێ ژوان..!
بۆ سازدانی کەژاوەو خەنەبەندان
ببوون بەوێردی سەر زمان
هیوایەک بوو،هیوای دەرژان..،
بۆ ئاوێتە بوونی ڕۆح و هەناسەکانمان..!

*

بەلقیس....!!!
ئالوگۆڕی نەرمە قاقاو پێکەنین،
هێمای تازەگەری بوون بۆ ژین..،
چاوانیشمان فەزایەکی ساماڵی شین شین..،
تنۆک،تنۆک....!
لێی دەباری عیشق و ئەڤین..،

*

بەلقیسێ بووی..!!
ژیرانە بۆنم ئەکردی....!!
سەلارانە بۆنت ئەکردم...!!
سەنگینانە ئەمدوانیت.....
لاسارانە ئەتدوانم
لێ مخابن،
گرمەی هەوری لیوەکانت..،
لەسەرخۆتر..
لەیەکتری نەترازان،

**هەرچی بەیبونی،باغی ناخ و،دڵ و دەروونە،هەڵیپڕوکان...!!!**

*